# سەربردەی عیشقێکی شێتانە ..!



## جەوهەر کرمانج

1-

ئەرێ ئەم عەشقە ناوەختە

حەقیقەت بوو

یان خەون و سەراب

شێتی بوو

یان ئەزموونێکی

بێ سەرەداوی

تفت و تاڵ

ئەم دوا پێکەم

ژەهر بوو نۆشیم

یان شەراب

من ئێستاکە

لە دووڕیانی مەرگ و مەستی

حەیران ماوم

نازانم کام ڕێگا بگرم

ڕێی عەشقێکی جاویدانی

یان مەرگێکی

تاسەر ئێسقان

لێواو لێو لە

گریان و حەسرەت و پەشیمانی

2- نازانم ...

تۆ وەرزێکی بەفرانباربووی

یا من کێڵگەیەکی نەزۆک

من بەد مەست بووم

کەوتمە داوت

یان تۆ وەک سۆنەی تەڕ نەبوو

وەک گورگێکی باران دیدەی بەزۆک

دارێکت دا

بەرۆحی منی نێچیردا

تۆ لە رەگەزی ئاگری

یانە ئاوی

جارجار گەرمم ئەکەیتەوە

جارجاریش تەڕ

چ مەخلوقێکی نەشازی

لەبلوێری شوانێک دەچیت

ئاوازەکانی لاڵ بن و

نەگەنە گوێچکەی رانە مەڕ

3- چیت لێم دەوێ

مەگەر لەم کەلاوەی عەشقە

پەرامووچێ ماوە بیبەی

دڵ بوو بردت

رۆح بوو کوشتت

بۆ ئارەزوویێکی شێتانە

چی یادگاربوو

لەگۆڕی فەرامۆشیدا

بەخاکت سپاردو ناشتت

بڕۆ ئیتر

ئەستەمبۆڵ نیوەی ریگات بێ

نەمەکگیربیت

گۆشەی تەنیایی جێگات بێ

4- لەکوێ هاتی

کێ هانی دای

بەم پایزە بێ بارانە

ئەم ئاگرە لە پاوانی عومرم بەردەی

کێ پێش دز بوو

مەلای خەتێ رێی نیشاندای

دەست لە رەزی

خەون و بەروبوومم بەردەی

چۆن لە خەرەند پەڕیتەوە

ئەم قەڵا سەختەت داگیر و

وێران کرد

بەکام بزنە رێدا هاتی

نیشتمانت

لێ داگیر و کاول کردم

بەرۆژی روون

وەک بەرزەکی بانان هەڵاتی

5- رۆژهەڵاتن و

رۆژئاوابوو

شەو داهات و

مانگ دەرکەوت و

خۆی پەناداو

ئەستێرە خەرقی جریوەو

نەشئەی مەستبوون و

سەما بوون

دەڵێن ئازیزێکت بمرێ

هەموو شەوێ

کێوێک دەکەوتە نێوانتان

ئەدی چ ما

لەو رۆژەوە

تۆ لێم ونبووی

لەخەم زیاتر

کەس لەپرسەم دانانیشێ و

لەفرمێسکی چاو بترازێ

دارێ ... بەردێ

دڵنەوایی نەدامەوە

نەبوون بە پەرژین

لەنێوان

منی عاشقی کۆست کەوتەو

تۆی وەک مردوو

دوور لە هەردوو چاوەکانت

وا شەوێکی دیکەش بووری

هەرچەند دەکەم

قەت تۆم لەبیر ناچێتەوە

خۆشەویستیت

ئاگرێک بوو

لەپاوانی عومرم بەربوو

ئاوی هەموو زەریاکانی بەسەردا بکەی

ناکوژێتەوە ..

6- چیت لەخۆت کرد

خۆت دایە دەستی قەدەر و

منیشت بەقەدەرێکی نادیار سپارد....

منت خستە

سەر گێژەنی دەریایەک و

چاوەڕیی شەپۆلم

ئاخۆ سەرم

بەکام تاشە بەردو

ئازارێکی تر دادەدات ..!

7- من و هەور

زۆر پێک دەچین

رەنگمان تەڵخ و

دەنگمان پڕ لە

ناڵە ناڵ و

فرمێسکمان

ئاقارێکی تامەزرۆی عەشق

پاراو دەکا

هەردووکمان یەک خەممان هەیە

بەعەزرەتین باوەشێکی گەرم هەبێ

ئۆقرەیەکی تێدا بگرین ..!

8- تۆ و بەفر لەیک دەچن

هەردووکتان

ناختان سارد و سڕە

تۆ ..

لەنێو هیچ باوەشێکدا

سوکنایی دڵت نایەت و

هەرگیز گەرم نابیتەوە

بەفریش هەتا دوا تنۆکی

نەبێ بەئاو

نەتوێتەوە ..!

9- من و تۆ ..

قەت ناگەینە یەک

تۆ خەونێکی دیتنت بۆ من مەحاڵە

منم لەلای تۆ

وەک سێبەر

بەباڵاتەوە نووساوم

نە دەتوانم ئاوێتەتبم

نەلێشت جودا ببمەوە

وا تێدەگەم

ئەم نوێژی عەشقەم بەتاڵە ..!

10- چەند بێوەفابووی دەرهەقم

هەر ئەستێرە مابوو بۆ تۆی

لەسینگی ئاسمانکەمەوە و

بۆ فستانی شەوی سوورت

بیانکەم بە نەخش و نیگارو پولەکە

کەچی هێشتا من ناهەقم

لەکاتێکدا

پەنجە پەنجەی جەستەت

مۆرکی منیان لەسەر ماوە

هێشتا چاوت

تابلۆی منیان هەڵگرتووە

لەو دەمانەی ...

باوەشێنی ڕۆحی هەڵوەدام دەکردی

ئێستاش چرپەکانی ژووانمان

بۆنی منیان هەر پێوەیە

گوناهم کرد خۆشم ویستی

کەتا ئێستاش

خۆشەویستی

لای تۆ بێ ڕەنگ و شێوەیە ...!